# دوو دەقی مێژوویی

گۆڕینی خالید مەجید فەرەج

1. ئەرزوحاڵی ئیدریسی بەتلیسی کە بەناوی هەندێک لەمیرەکوردەکانەوە بۆ سوڵتان یاووزی ناردووە لەگەڵ ووتارێکی سەعیدی نەورەسی کە لە کتێبی (البدائع)ی مێژوونووس کوجا دا هاتووە:

أ. لە دڵەوە موبایەعەتی سوڵتانی ئیسلام دەکەین و بەرائەتی خۆمان لە کارەکانی قزلباشە مولحیدەکان لەممالیکی کوردوستانەوە کە تەقریبەن مەسافەی مانگێک دووره ئیعلان دەکەین ئەو بودعەو زەلالاتانەی کە قزڵ باشیەکان نەشریان کردبوو ئیزالەمان کردن و بە وەجهی خسوسیش  تەمەسوکمان بە مەزهەبی شافعیەوە کردو ئیسمی سوڵتانی موسلیمن و مەناقیبی خولەفای راشدینمان لە مەنبەری مزگەوتەکانمانەوە زیکر کرد.ئێمە بە فاریغی سەبرەوە چاوەڕوانی تەشریفی مەوکیبی سوڵتانین کە بێت بۆ دیارمان، سەرەرای ئەمانەش جوهدێکی زۆرمان بەزل کرد بۆ ئەدای فەریزەی جیهاد.وا گەیشتۆتە سەمعمان کەوا سوڵتانی موسلمین و عەلای دەوڵەت لە تەریقی عەوەدیایەتی بۆیە رەئیمان موتەفیق کرد لەسەر ئەوەی کە مەولانا شێخ ئیدریسی بەتلیسی بنێرین کە سابیقەن ئتیسالی پێوە کردون، بۆ ئەوەی لە حەزرەتی جەنابتنا موسول بکا . و مەتالیبی ئێمە لە جەلالەتتان کەلئاتیە: کە جەلالەتتان عەون و مەدەدمان بۆ بنێرێ.

بزانە ئەی جەلالەتی سوڵتان کە بیلادو مەساکینمان قەریب و مجاوری بیلادی قزڵ باشیە و هەندێک جاریش موتەداخیلیشە و ئەو مولحیدانە ساڵانێکی دورو درێژە بەردەوامن لەسەر تەقویزی ئەمن لە ربوعی بیلادمانا و وابۆ چواردەساڵ ئەچێ ئەوان موقاتەلەمان دەکەن، ئێمە ئەم ئەرزوحاڵمان تەنها وەکو عەربونی موحیبەت بۆجەلالەتتان نوسیوەو ئەمەلمان وایە کە دەستی عەون بۆ ئەو موسڵمانانە درێژبکەن و لە زوڵمی ئەو تایەفەیە زاڵمە ئینقازیان بکەن کە بە بێ عەونتان بەتەنها خۆمان ناتوانین موجابەهەیان بکەین .

هەروەها بزانە ئەی جەلالەتی سوڵتان کەوا کوردەکان تەوائیف و ئەقوام و عەشایەرێکن غەیر موتەفیقن لەمابەینی خۆیاندا ، بەڵام هەموو موتەفیقین لەسەر ئیمانمان بە خودای سوبحان و تەعالاو پێغمبەرەکەی سەلەلاهو عەلەیهی وە سەلەم. ئەما ئیتیفاقمان لەسەر باقی ئومور غەیر مومکینە،(ئەوەش سوننەتی خودایە لەناوماندا ئاوا جەرەیان دەکا)، وەلاکین دڵ پڕ ئەمەلین کەوا مەدەدمان لەلای جەلالەتتانەوە بۆ بێ کە بە واسیتەیەوەخەلاس لە عێراقی عەرەب و عەجەم و ئازەر بێجان تەحقیق دەبێ و دەستی ئەو کافرانە دەبڕرێ،خەلاسی (ئامەدی مەحروسە) بە سورەتێکی نیهائی تەحقیق دەبێ چونکە ئەوان بە میفتاحی فەتحی مەمالیکی ئێران و عاسیمەی بایندرخانی سوڵتانیانی ئیعتیبار دەکەن،وا بۆ سالێک دەچێکە ئەو شارە بەدەست حەساریانەوە ئەناڵێنێ و   ئەهالیمان ئەمەلیان وایە کە سوڵتان لەشروری ئەو قزڵباشیانەی کە زیاتر لە پەنجا هەزار کەسیان کوشتووە نەجاتیان بدا و ئەگەر سوڵتان دەستی عەونی بۆ درێژ کردین ئەوا سەوابێکی عەزیمی لە ئاخیرەت دا چنگ دەکەوێ و فەوائیدی زۆر تەحقیق دەکا کە خێرەکەی بەسەر جمعی موسڵمانانا تەعمیم دەبێ.هازا وەلەکوم ئەلئەمر سەیدی ئەلسوڵتان.

ب . دەڵێن لە  ساڵی 1910کاتێک کە سەرکردە کوردەکان دەیانەوێ لە دژی سەڵتەنەت ڕاپەرین بکەن بەدیع و ئەلزەمان سەعیدی نەورەسی بەم جۆرە لەگەڵیان ئەدوێ: واجیبە لەسەرمان کە شەجاعەت و قووەتی خۆمان بۆئەوتورکانەی کە ئەولیای ئومورمانن بەزل بکەین،چونکی ئەوانە شەش سەد ساڵە بەیداخی تەوحیدیان هەڵگرتووەو تەحەدای هەموو عالەم دەکەن و هەموو عاداتێکی قەومی خۆیان لەو پێناوە وەلاناوە، نەخەڵەتابن بڵێن دەوڵت پیر بووە ئێمە لە موقابیلی ئەو خۆبەخت کردنە بۆ دەوڵەت (عوسمانلی) ئیستافەدە لە عەقڵ و مەعریفەتیان ئەکەین ئەوانە بە مەسابەتی ئەقلن بۆ ئێمەو ئێمەش   بەمەسابەتی قووەتین بۆ ئەوان .

تێبینی

. ئەرزوحاڵەکەی ئیدریسی بەتلیسی لەنێوان ساڵەکانی 1514 و 1516 دا نوسراوە

**. دەڵێن لەبەر ڕۆشنایی ئەم نامەیە سوڵتان یاووز ،(خەسرەو پاشای) فەرماندەی حامییەی قونیەی بە لەشکرێکی دەهەزار کەسیەوە نارد کە ئیدریسی بەتلیسی معاونی بوو بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی سەربازەکان (تەوجیهی سیاسی)و توانیان گەمارۆکەی دیار بەکر بشکێنن و سەفەویەکان دەربکەن و عوسمانلی خۆیان بنە فەرمان ڕەوای.**

**. دەستکەوتەکانی شەخسی ئیدریسی بەتلیسی لەوەڵامی نامەکەی سوڵتان یاووز بۆ نامەکەی ئیدریس دەردەکەوی کەتیادەڵێ: خوا رووت سپیکاو ئینشائەڵڵا ئەبی بە سەبەبی فەتحی هەموو مەمالیکەکانی دیکەو من ئامادەم بەزلی هەمووعینایەت و تەوەجوهێک بەرانبەر بەئێوە بکەم**

**لەگەڵ ئەم نامەیەدا هەندێک دیاریم بۆناردوون کە عیبارەتە لە دو هەزار قیتعەی زەهەبی فرەنجی وشمشێرێکی ئاڵتونی و هتد ئینشا ئەڵڵا ئەم دیاریانەت پێ ئەگاو تۆش لە سیحەت و عافیەت دا ئەبیَ، خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ.**

**2. نامەی ئیدریسی بەتلیسی((ئیستیمالە نامە)) بۆ سوڵتان یاووز سەلیم**

**ئینتیزامی ئوموری تایبەت بە حوکم و دین موتەعەلیقە بەو حوسنی تەدبیرەی کە سوڵتانەکان دەی کەن، و تەحقیقی عەدالەت لە ئەرجای شەرقی و غەربی دەوڵەت و تەئمینی مەتالیبی مەزڵومین لە عەرەب و عەجەم متەوەقیفن لەسەر عەدالەتی سوڵتانی بوسڵمانان، ئێمەی ئەهالی دیاربەکری موخلیستان ئەمانەویَ ئەمەتان بۆ عەرز بکەین: کەوا موسڵمانە مەزڵومەکان ئەوانەی لە دیاربەکرو دەوروبەری دەژین و بە بیلادی کوردان ناسراوە داوا ئەکەن کە بێنە ژێر بەیداخی دەوڵەتی عوسمانلیەوە بەو هیوایەی کەبە پشتیوانی و موساعەدەی ئێوە بتوانن دەفعی ئەو شرورەبکەن کە دوژمنانی دین و دەوڵەت بەنیازن جەلبی بکەن ، و دوای ئەوەی کەخەبەری عەزمتانمان بە گەڕانەوە بۆ داری خیلافەت واتا ئەستانە بەرگویَ کەوت بەعزێک لە موخلسین تیتیفاقیان وایە کە فروزی وەلاو ئیتاعە تەقدیمی سەرکردەی عەسکەریتان موحەمەد ئەبی شەنب (بیقلی محمد پاشا) بکەن و دەخوازن کە هەندیَ لە تەلەباتیان بەواسیتەی ئەو پاشایەو خادیمی موتیعتان کاتیبی ئەم ستورانە عەرزی جەنابتان بکەن . لەبیدایەتدا خیلافات لە مابەینی عەشایەرو قەبائیلی کوردی وتورکمانی بە فیعلی دەسائیسی شەیاتینی ئەلئەنس نشوبی کرد بەڵانەکی بە فەزل و عینایەتی خودای عەزەوەجەل توانرا ئەوخیلافاتانە ئیزالە بکریَ، دیارە ئیلتیحاقی بیلادی ئەکراد بە دەوڵەتی عوسمانلیەوە لە ئەهمیەتدا وەکو فەتحی ئەستانبول وایە، ئەم ئیلحاقە لە لایەکەوە تەمهیدی تەریقە بۆ زەممی بەغداو بەسرەو لەلایەکی تریشەوە سەبیلێکە بۆ زەممی ئازەربێجان وە حەتا لە جانیبێکی دیکەیشەوە خەتوەیەکە بۆ زەممی حەڵەب و دیمەشق.**

**ئەلائینە نەسرولاهی لە قەریب**

**خادیمی فەقیرو بائیستان**

**ئیدریس**

---

**تێبینی**

**1. دیارەئەم نامەیە ساڵێک یان دووان دوای شەری چاڵدێران کە لەساڵی 1514 لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی وعوسمانلی دا روی داو بە سەرکەوتنی دەوڵەتی عەسمان تەواو بوونووسراوە چوونکە لە ساڵی1516سوڵتان یاووز دەستی کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ دەست بەسەراگرتنی یەکجارەکی ناوچەکانی خۆرهەڵات(کوردستان)کردنیان بە مومتەلەکاتی عوسمانلی.**

**2. بۆیە بەو شێوازە تەرجەمەم کردوە دیارە ئەو شێوازێکی کلاسیکەیەو ئەو دەمانە بە تایبەت مەلاکان کە ئیدریسی بەتلیسی بۆخۆی مەلابووە ئەگەر بەکوردی بینوسیبا ئاوهای دەنوسی .**